# لەبەر رووناکیی وتارەکەی «مامۆستا مسعود محمد»یشدا لەمنەوە، ئەمرچەند لاپەڕەیە

محمدی مەلا کریم

مامۆستا مسعود محمد وتارێکی لە دوو ژمارەی (19)و (20)ی ئەم گۆڤارەدا بڵاوکردبوەوە، ئەوەندەی پێوەندی بە ڕەخنەی ئەدەبیو بەتایبەتی بە وتاری (شاعیرەکانمان)ی خاوەن نادیاری ناو «یادگاری لاوان»[1]و هەڵسەنگاندنەکەیەوە بوو کە لە گۆڤاری دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراقدا بڵاوکرابوەوە[2]، لە پاشاگەردانیی نووسینی بەناو ڕەخنەی ئەدەبیی ئەم سەردەمەماندا، بەشبەحاڵی منو لاموایە بەشبەحاڵی خەڵکێکی زۆریتریش، مایەی تەسکینی بۆهاتنی دڵەی ماتەمزەدەو، مژدەی ئەوە بوو کە ڕەخنەی ئەدەبیی ڕاستەقینە نافەوتێو، ئەبێ هەر کەسانێکی بۆ هەڵکەون پەلی بگرنو بیخەنە سەر شارێی گەشەکردنو فراژی بوون.

لە سەرەتای وتارەکەی مامۆستا مسعوددا ڕووی دەمی ڕەخنە کرابوە سێ شوێنی بەرگی دووەمی (یادی مەردان)ەکەی باوکیشم. هەر لەبەرئەوە نا کە من بەرپرسی گەلێ شوێنو بابەتی هەردوو بەرگەکەی ئەو کتێبەم، بەڵکو بەمەبەستی پێ لە ڕاستی نانیش کە پێویستە لای هەرکەسێ حورمەتی خۆیو خەڵکی لە دڵا بێ، لە هەموو شتێ ئازیزتر بێ، ئەگەر بەڕاستی بییەوێ گوتارو ڕەفتاری هاوسەنگ بن، ئەبێ پێی لێبنێم کە مامۆستا مسعود ڕاستئەکاو ڕەخنەی یەکەمو سێهەمی بەتەواوی لە جێی خۆیاندان. بۆ ڕەخنەی دووەمیشی پێداچوونەوەیەکم هەیە.

هەرچی نیوە بەیتەکەی «کم شد از باغ محبت گل باغ عمری»یە[3]، کە بەپێی ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسراوە، بە حیسابی حورووفی ئەبجەد ئەکاتە (1373)و، لەڕاستیشدا ئەکاتە (3198) کەوا جارێ، مامۆستا مسعود واتەنی، نزیکی (1800) ساڵی ماوە بیگەینێو، مێژووی کۆچی دوایی کردنی شێخی لاوانەوە بۆ دانراو لە تەنها «گل باغ عمری»دایە، ئەوە ئەبێ لەبارەیەوە بڵێم باوکم خۆی شیعرەکەی داناوە. حورووفی ئەبجەدیش شتێك نییە نەك باوکمو تەنانەت منیش، بەڵکو هەرکەس بزانێ چییە نەزانێ چۆنیش ئەژمێرێ. باوکم لە دەستنووسەکەیدا تەنها شیعرەکەی نووسیوەو ساڵەکەشی لەژێریەوە نووسیوەو هیچ باسی لێکدانەوەی ڕستەی مێژووەکەی نەکردووە کە مێژووەکە بە چەند وشەی پێکدێ. بەلام هێڵێکی سووری بەژێر نیو دێڕە بەیتەکەدا کێشاوەو، لەجیاتیی ئەوەی تەنها بەژێر «گل باغ عمری»یەکەیدا بکێشێ، هەموو نیوە بەیتەکەی پێ گرتووەتەوە. منیش کەوا فێربووم هەر کارێك دەستئەدەمێ، لەسەر بنەڕەتی «گومان» دەستی پێئەکەم، ئەتوانم بڵێم مەگەر چۆنها لەیادمچووبێ ئەگینا هەرچی مێژووی بە حورووفی ئەبجەد دانراو لەو کتێبەدا هەیە هەمووم دووبارە لێکداوەتەوەو، هەرچی ژمارەی تیایە دوای نووسینەوەش پتر لە جارێ لەگەڵ ئەسڵەکەدا بەراوردم کردووە. لەبەرئەوە نازانم چۆن لەکاتی نووسینەوەی ئەو باسەدا ئەم ڕێبازەم پشتگوێ خستووە. هەرچۆن بێ سوپاسی زۆر بۆ مامۆستا مسعود کە هەرچەند هەمیشە بەئاسانی دەمی

ئەگاتە باوكم هەرچیی بویٚ بِیٚی‌بلیٚ ، هەر ئەوەی باشتر بوو بە نووسین ڕەخنەکەی گرت‌و هەڵەکەی ڕاستکردەوە ، ئـەگینا ئـاگادارکـردنەوەی بـاوکم لە هەڵەکـە ، دوای تـەواوبـوونی لەچاپدانی کتێبـەکە ، بـەکەڵکی کێی‌تـر دێ‌و ، ڕێگا بـۆ کام خوێندەوار ڕوون ئەکاتەوە ؟[4] .

لەبارەی ڕەخنەی سێهەمیشەوە کە لەو هەڵەیە گیراوە لە بەیتێکی پارچە شیعرەکەی حاجی مـەلا عەبـدوڵڵای جەلی‌دا ڕووی‌داوەو «ئەو» یێکی تیا زیادکراوە[5] ، بێ سێ‌ودوو لێ‌کردن ئەڵێم هەڵەی منە ، چونکە کە گەڕامەوە سەر دەسنووسەکەی باوکم دیتم ئەو بەڕاستی نووسیوە . سەیر ئەوەیە من خۆم بە یەکێ لەوانە ئەزانم کە گوێ‌یەکی مۆسیقاچێژی وردی شیعریان هەیەو ، ڕاستەکەشی وام‌و ، سەدان بەیتی دەسنووسم ڕاست کردووەتەوە کە هەڵەی «سەنگ» یان تیا بووە یا تێ‌کەوتووە ، بێ‌ئــەوەیش دەسنــووسی ئــەســڵی ببینم‌و ، پـاش دیتنیشی دەرکـەوتوە یـا وا بووە کـە من وتوومــە ، یـاهـەڵەکـەی من دەسنیشانم کردووە هــەڵەیە تیـا نەبـوەو بەجـۆرێکی‌وا بووە هەڵەی تیا نەبێ . لەگەڵ ئەوەیشا لەم بـەیتەی حـاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیدا ئەو هەڵەیەم کردووە . مەبەستم پاساودانی هەڵەکەی خـۆم نی‌یە ، بـەلام بۆ دۆزینـەوەی هۆی کـەوتنە هەڵەکەم ئەبێ ئەوە بلێم کە دەس‌پێ‌کرانی نیـوە بەیتـەکەی هــەڵەکـەی تیـا ڕوودوە بـە «لەجیێ من» ، لەخـۆیـەوە بــۆ بەرانبەرکێ پێ‌کردنی «من»ەکە ، وەك لە پەخشاندا بەئاشکرا دەرئەکەوێ ، ئەو «ئەو»ە زیادەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشاوە ، بەتایبەتی‌یش کە بە «ئەو» ەکە خۆی نیوە بەیتەکە لەنگ نابێ‌و ، لەنگی‌یەکە لەوەپاش دەرئەکەوێ .

بەلام لەبارەی شێخ نەبیی مـاویلیانـەوە کە مـامۆستـا مسعود ڕەخنەی لە ناوهێنان‌و بەچاکە باس‌کردنی[6] گرتـووە ، ئەوە ـ وەك پێشتر وتم ـ ئەبێ قسەیەك بکەم .

من خۆم هەر لەوکاتەوە کە کتێبی «حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێ‌یە لە ژیانی نەتەوەی کورد»[7]م نووسیوە لە ساڵی 1957دا ، ئاگاداری ڕەخنەگرتنی حاجی قادرم لە هەمو شێخێکی سـاختـەچی‌و دەس‌بـڕو خـەڵك هــەڵخـەڵەتـێن ، هەرچەندیش ئاگاداری ئەو بابەتانە نەبووم کە مامۆستا مسعود لەبارەی شێخ‌نەبی‌یەوە نووسیونی ، بەلام هەر لە منالی‌یەوە لە بیارە ناوی شێخی ناوبراوو دەیان شێخ‌و خەلیفەی چاك‌و خراپم بیستــووەو وەك‌بلێی «ئـەیـاننـاسم» . بـۆیـە کــە خـەریکی نووسینەوەو دارشتنەوەی بەرگی دووهەمی «یادی مـەردان» بووم‌و گەیشتمە سەر باسی شێخ نەبی ، دڵم لێی‌ئەدا کە باسی ئەم شێخە لابەرم ، چونکە لە هەموو حاڵێکدا قسەی کەسێکی وەك حاجی قادرم هەزار کەڕەت پێ جێ‌بڕواترە لە هەر باس‌و خواسێکی شێخ‌و شێخان کە مـەنسووب‌و دەستـەو دائیرەی خۆیان‌و هەڵگرانی بیروباوەڕو هاوقازانجـەکانیـان‌و کەسـانی سادەلەوح‌و خۆش‌باوەڕ بیگێڕنەوە ، بەلام تەنها لەبەرئەوەی کە باوکم ئەلێ مەلایەکی زاناو هونەرمەندی خۆشنووسی بووەو ، لە سەرەتای ژیانیشیا بە چاوی ڕەخنەگرو ناقایل لەگەڵ بەرەی تەریقەت‌بەدەستان مامەڵەی کردووە ، هێشتمەوە . سەرەڕای ئەمەش شتێکی ئەوتۆ لە باسەکەیدا نەنووسراوە لە نزیك یا لە دوورەوە بەگژی ئەو هەڵسەنگاندنەدا بچێ کە حاجی‌قادر ئەوی پێ هەڵسەنگاندووە ، بەڵکو ئەوەندەش کە ناوی لە شیعـری حاجی‌قادرا هاتبێ ، وەك من لەیادم‌بێ ، ئـەوپەڕەکـەی دوو جارە . ئەوەش کە گوایە شازدە ژنی هێناوە ، ناچارین ئەبێ هەر وای مەعنا لێ‌بدەینەوە کە لە ژیانیا شازدە ژنی هێناوە ، نەك لە یەك‌کاتدا لە چوار ژن زیـاتری بـووە ، لە پێنجەوە بیگـری تا شـازدەکە ، چـونکە تـەنانـەت حوکمـڕان‌و ئاغـا گونـاهکارو لەخـوانەتـرسەکـانیش لە کۆمـەڵەی موسـوڵمـانانا هــەرگیـز نەیانتوانیوە لە چوار ژنی مارەبڕاو زیاتر ، بێ حیلەشەرعی وەك تەلاقدانی یەکێك‌و مارەبڕینی یەکێکی‌ترو ، پاشان تەلاقدانی ئەمی نوێ‌و هێنانەوەی ئەوی کۆنە ، ڕابگرن ، ئیتر با دەیان کەنیزەکیشیان بووبێ ، کەشەرع ڕێی‌داون . ئەوەش بی‌یەوێ ڕەخنە لە ڕاگرتنی چوار ژن یا چەند کەنیزەك بگـرێ ، ئەبێ بەرلەوەی ڕەخنە لەوکەسە بگرێ کە کاری‌وا ئەکا ، ڕەخنە لە شەرع بگرێ کە ڕێگای شتی‌وای داوە .

ئەوەشمان لەیادنەچێ کە حاجی قادر وەك تێکۆشەرێکی کۆمەلایـەتی قسەئـەکاو ، ڕێگـای تێکۆشـانی کۆمـەلایەتی‌و شێخایەتی‌و باوەڕ بە ڕێبازی شێخایەتیش زۆر دژی یەکن‌و ، لەبەرئەوە چەردەیەك مەیدانی هێنانە ئارای کەسێکی وەك شێخ نەبیی ماویلیانیش بۆ کەسێکی وەك باوکم هــەر ئەمێنێتـەوە . بەڵکو ئەتوانم بێ‌سڵ کردنەوە لەم ڕوانگەوە بلێم مادەم حاجی قادر هەڵوێستی بەرانبەر شێخ‌نەبی ئەمەیە کە خستوویەتیـە شیعریەوە ، ئەبوو بەرانبەر بە زۆر شێخی‌تریش ، کە زۆر بە

چاکە ناوی هێناون ، ئەگەر ڕەخنەشیان لێ نەگرێ ، هەر هیچ نەبێ لێیان بێدەنگ بوایە ، چونکە لە دوا لێکدانەوەدا ڕێبازەکە هەر یەکە ..

بەش بەحاڵی باوکم ، ئەوە لە لایەکەوە ئاگاداری حاجی قادرو شیعری حاجی قادرو هەڵوێستی حاجی قادر بەرانبەر شێخ نەبی نی یە ، مەگەر ئێستا لە ڕێگای خوێندنەوەی وتارەکەی مامۆستا مسعودەوە ئاگاداری ببێ . لە لایەکی کەشەوە لە کاروباری شێخیەتی و باوەڕ بە شێخاندا ئایدیۆلۆژی یەکی چەردەیەك جیای لەوەی حاجی قادری هەیە . ئەو چونکە خۆی بە یەکێك لە پەیڕەوانی تەسەوف ئەزانێ ، هەر ئەوەندە خۆی ئاگاداری ناڕاستیی شێخێك نەبێ ، هەرکەس چاکەیەکی ئەو شێخەی بۆ گێڕایەوە ، وا بڕیارئەدا ئەوکەسە ڕاست ئەکاو ، زیاتر بەو سەنگ و ترازووەوە لەگەڵ شێخان مامەڵە ئەکا کە لەناو مەلایاندا مامەڵەیان پێ لەگەڵ ئەکرێ . لەبەر ئەم هۆیانە پرکێشیم نەکرد باسی شێخ نەبی لابەرم . لاشم وایە ئەگەر لەگەڵ باوکم بکەوتمایەتە دەمەتەقە لەم ڕووەوەو ئاگاداری هەموو ئەو ڕووە سەلبی یانەی ژیانی شێخ نەبێ بوومایە کە مامۆستا مسعود باسیان ئەکاو ، بۆیم بگێڕایەتەوە ، هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی کە ئارەزووی لە چوونە مەیدانی قسەو قسە لۆك و (ڕەدوبەدەل) نی یە ، بێ سێ ودوو ئەو باسەی لائەبرد . باوکم کەسێکی وەك شێخ عوسمان سیراجەددینی تەوێڵە بە پیرێکی ڕاستەقینەی تەریقەت ئەزانێ ، لەبەر ئەوە ناچێ بەدڵیا پیری وا کەسێکی ناشایستە بکا بە خەلیفەی خۆی ، هەرچەند بە لایەوە سەیر نی یە ئەگەر خەلیفەیەکی شایان بەڵکو پیرێکی ڕاستەقینەش پاشان ڕێی ڕاست ون کاو گومڕا ببێ . بۆیە هەروا بەئاسانی ناتوانێ هێڵێکی ڕاست و چەوت بەسەر پایەو پلەی کەسێکی وەك شێخ نەبیدا بێنێ ، تا بە بەڵگەی شەرعی بۆی دەرنەکەوێ وای لێهاتووە شایانی ئەو هێڵ پیاهێنانە بێ .

* * *

مامۆستا مسعود محمد لە گەلێ شوێنی وتارەکەیا کە ڕەخنە لە چاپی نوێی «ئەنجومەنی ئەدیبان» ئەگرێ ، ڕێ تێ چوونی ئەوە دێنێتە ئاراوە کە ئەو ڕەخنەی ئەو هەڵەی لێ گرتوون هەڵەی چاپ بن . من لام وایە مامۆستا زیاتر بەپێی ئەو شێوەی ناسك و بەئەدەب ڕەخنەگرتنەی لەم جۆرە مەیدانانەدا لەسەری ئەڕوا ، ویستوویە موجامەلە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی وێژەو کەلەپووری سەر بە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق بکا کە ئەو کتێبەیان بە پێشەکی و لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەوە لە چاپ داوەتەوە ، بۆیە هەروا سووك و ئاسان ئەو هەڵانە بەرەوڕووی چاپ ئەکاتەوە کە دیارە چاپی بەمەعنا تەکنیك هیچ سووچێکی نی یەو ، کەواتە ئەبێ سووچ سووچی ڕاستکەرەوەی پرۆڤەکانی پێش چاپ بێ ، کە بەش بەحاڵی چاپەمەنی یە کوردی یەکانی کۆڕی زانیاری منم و ، پێم وایە مامۆستا مسعودیش ئەمە زۆر باش ئەزانێ .

لێرەشدا دیسانەوە ، بۆ پاکانە بۆ خۆ کردن نا ، بەڵکو بۆ دەرخستنی ڕاستی ، ئەبێ بڵێم هەرچی هەڵەی ناو « ئەنجومەنی ئەدیبان » ە ، چ ئەوانەی مامۆستا مسعود دەسنیشانی کردوون و ، چ ئەوانەی لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دەسنیشان کراون ـ سیان چوارێکی زۆر بێ بایەخیان نەبێ و ، چ ئەوانەی هێشتا کەس دەسنیشانی نەکردوون ، هیچیان هەڵەی چاپ نین ، هەڵەی ناو دەسنووسەکەی لیژنەن کە داویە بە چاپ . من وەك هەڵە ڕاستکەرەوەیەکی پرۆڤە کوردی یەکانی چاپی کۆڕ ، هەر لەبەر دڵسۆزیم بۆ زمان و ئەدەبی کورد ، گەلێ جار کتێب و وتاری ئەم و ئەوم لە ڕووی گرامەر و شێوەی نووسینیشەوە ڕاست کردووەتەوە بەلام بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا کەسانێکی وا هاتنە ئاراوە ، نەك هەر بە بێدەنگی یش قەدری خزمەتەکەیان نەزانیم ، بەڵکو پێ نارەزاییشیان دایەوە بەگوێما ، وەك بڵێی خۆیان پێش دەسکاری یەکەی من باشتر و ڕاستتریان نووسیبێ . لەبەر ئەوە دەمێکە من کە پرۆڤەی وتار یا کتێبی کەسێ ئەگرم بەدەستەوە لەوانەی کۆڕی زانیاری لەچاپیان ئەداو ، هەڵەیەکی تیا ئەبینم ، ئەگەر پێشەکی نەزانم خاوەنەکەی حەزئەکا ئەو هەڵەیەی بۆ ڕاست بکەمەوە ، ناچارم هەرچەندیش ئەمە ڕێگای ڕاست نی یەو تەنانەت بۆ ڕەحەتیی گیانی خۆیشم لەبار نی یە ، ئەگەڕێمەوە سەر دەسنووسەکەو ، تێی ئەڕوانم بزانم خاوەنەکەی چۆنی نووسیوە . ئەگەر هەڵەکە هەڵەی خۆی بوو ، ئەوە وەك وتم بەناچاری گوێی نادەمێ . خۆ ئەگەر بۆم دەرکەوت هەڵەی کاتی چاپە ، ئەوە دەسبەجێ بۆی ڕاست ئەکەمەوە . تەنانەت کە لەچاپدانی « ئەنجومەنی ئەدیبان » تەواو بوو ، زمانم سووتاو بە مامۆستا مەلا جەمیلی

ڕۆژبەیانیم وت ـ کە یەکێك بوو لە ئەندامانی لیژنەی ویژەو کەلەپووری سەر بە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری کە ئەو کتێبەی ئامادەکردبوو ـ : حەیفە بۆ زانایەکی وەك تۆو ئەدەبدۆستو ئەدەبشارەزایەکی وەك کاك حوسێن خانەقا ناوتان بەسەر کتێبی پڕ لە هەڵەیواوە بێ ! مامۆستا کە ئەمەی لێم بیست فەرمانیدا کۆکردنەوەی فۆرمەکانی کتێبەکە ڕاوەستێنن و نوسخەیەکی لێ وەرگرتو چوو لە سەرەتاوە تا دوایی خوێندیەوە ، ئەو هەڵانەی دەسنیشانکرد کە لە دوو لاپەڕەی دوایی کتێبەکەدا ڕاستکراونەتەوە . تەنانەت ئەو چەند دێڕە بەناو « پەڕیو » ەی لاپەڕەی 151 و 152 ، دوکتۆر ئیحسان فوئاد لەپاش لەچاپدانی کتێبەکە نووسیونیو هەروا بەئاسانی بە هەڵەی چاپ دانراون . دەسنووسی کتێبەکە ئێستاش لە چاپخانەی کۆڕەو ، ئەوەی لەم قسانەی من دوودڵە ئەتوانێ بێ تەماشای بکاو بەراوردی هەڵەکانو تێکستی دەسنووسەکە بکا . بۆ بەڵگەش لەوە زیاتر ناڵێم کە کێ باوەڕ بەوە ئەکا من تەنانەت ئەوەش نەزانم کە « بەگ » ی کوردی بە « بەك » نانووسرێ ، وەك لە کلیشەی بەرگەکەو لاپەڕە یەکو چەند شوێنیتری کتێبەکەدا نووسراوە .

* * *

با بچینەوە سەر ڕەخنەی ئەدەبیو ئەنجا لەمەڕ نالیش دوو سێ قسەیەکم هەیە بۆتانی بکەم :

مامۆستا مسعود محمد لە شوێنێکی وتارەکەیا ڕەخنەی لەوە گرتووە کە توێژەرەوەکانی « ئەنجومەنی ئەدیبان » لە هەرکوێ شیعرێکی نالی هاتبێتە ڕێیان ، گەڕاونەتەوە سەر دیوانەکەی نالی کە باوکمو فاتیحی برام لێکیانداوەتەوەو من بەدەم نووسینەوە بۆ چاپو ڕاست کردنەوەی پرۆڤەوە بەسەریا چوومەتەوە . مەبەستی مامۆستا ، وەك خۆی ئەڵێ ، ئەوەیە ئەبوو لیژنە خۆی هەنگاوێکی نوێی لە لێکدانەوەی شیعری نالیدا بۆپێشەوە بنایەو تەنها بەوە دانەکەوتایە کە لێکدانەوەکەی باوکمو کاکم بکا بە سەرچاوەی کاریو ، ئەو لێکدانەوەیە لەگەڵ بایەخی زۆریشیا ئەوە نییە کە چێکی سپیی بۆ ئیمزا بکرێ .

ئەگەر لە بەر ڕووناکیی « ئەبوو وابوایە » سەیری مەسەلەکە بکەین ، بۆمان دەرئەکەوێ ڕەخنەکەی مامۆستا مسعود ڕەخنەیەکی بەجێو تەواوەو ، لەڕاستییشدا نە ئەو شەرحەی باوکمو کاکم ئەبێ بە لەوە زیاتر دابنرێ کە هەنگاوێکی یەکەمە بە ڕێگای شارەزاکردنی خوێندەواری کوردا لە شیعری نالیو ، نە هیچ لێکدانەوەیەکیتریش ئەتوانێ ئیددیعای ئەوە بکا کە ئیتر مەسەلەی لێکدانەوەی نالی تەواو بووەوە بڕاوەتەوە . بەڵکو ، مامۆستا مسعود واتەنی ، « جارێ بە کەس نەکراوە بگاتە بنی دەریاو ئەوپەڕی ئاسۆی واتاکانی نالی » بەلام کتێبێ ـ مەبەستم « ئەنجومەنی ئەدیبان » ەکەیە ـ ئەو هەموو کونو کەلەبەرەی تیابێ کە مامۆستا مسعود پیشانیداونو زیاتریش ، لاموایە ئەوە سەرو زیادیەتی بتوانێ لە لێکدانەوەکانی باوکمو کاکم وردبێتەوەو بەوکپانەشەوە لەگەڵ شیعری شاعیرەکانیتری ناو کتێبەکەدا مامەڵە بکاو ، سەد بریا مامۆستا مسعود داوای ئەوەی بکردایە توێژەرەوەکانی خۆیان لەگەڵ شیعری شاعیرەکانیتریشا کە ناویان تێیدا هاتووە ، ئەوەندە ماندوو بکردایە بگەنەوە بەنیوەی ئەوەدا کە بۆ لێکدانەوەی شیعری نالی لە کتێبەکەی باوکمو کاکمیان وەرگرتووە .

بە تێگەیشتنی من مامۆستا مسعود محمد لەم سەردەمەدا سەردەستەی هەموو ئەوانەیە کە لە وردەکارییەکانی شیعری نالی کۆڵیونەتەوەو ئەکۆڵنەوەو باشی بۆ ئەچن[11] بەلام ڕاستیشتان ئەوێ زانینی نالیو دۆزینەوەی وردەکارییەکانی ، وەك زانینی قانوونێکی ماتماتیك نییە سنوورێکی دیاری هەبێو لەوێدا ببڕێتەوە . من لە شوێنێکی تریشدا نووسیومە نالی بەجۆرێك یاری بە وشە ئەکاو لە هەر یاری بە وشە کردنێکیشدا مەعنایەکی تازە دێنێتە کایەوە ، وێنەی ئائێستا لای کەس لە ئەدەبی کورددا نەبووبێ ، بەڵکو زۆرجاریش سەرەڕای مەعنا تەواوو جوانەکانی گەلێ مەعنای نیوەو ناتەواویش پیشانئەدا . بۆیەشە زۆرجار نالیزان مەعنای ڕاستیوای بە خەیاڵدا دێ ، هەرگیز لەوەپێش بە خەیاڵیاو بەڵکو بە خەیاڵی کەسیتریشا نەهاتووەو پێش ئەوەش شیعرەکە بێمەعنا یا کەممەعنا ئەبرە ، لای کەمی مەعنایەکی پوختی زانراوی هەر بووە . هەروا شتی ڕاستیوایشی لەیادئەچێ کە نەئەبوو لەیادیبچێ ، بەلام چونکە مەعنای ڕاستو وردیتری لەیادە ، بە لەیادچوونی ئەو مەعناکەیتر لە زانینی شیعرەکەدا تێنەگیراوە و پەکینەکەوتووە .

بۆیە ڕاست ئەوەیە لە لێکدانەوەی شیعری نالیدا ئەو تاقە مەعنا یا چەند مەعنا زانراوو باوەی هەن ، دانرێن .

هەرچیی‌تریش لەوکاتەدا بەبیردا دێ ئیشارەتی بۆ بکرێ . پاشانیش هەر مەعنایەکی‌تر بە خەیاڵدا هات ، ئەویش بخرێتە سەر کاغەز ، چونکە نالی‌زانی زۆر شارەزایش ناتوانێ بڵێ بەجارێ هەموو ئەو بۆچوونانە ئەزانم کە لەوانەیە مرۆ لە لێکدانەوەی بەیتێکدا بۆیان بچێ .

نموونەیەکی ئەم قسەیەم ئەوەیە کاتێ کە خەریکی نووسینەوەی دیوانی نالی‌یەکەی خۆمان بووم بۆ چاپ ، لە پارچە شیعری :

**جەنانی وەك جینان کردم بە ماوا**
**حەبیبەی مالیاوا ، مالی ئاوا**

دا بووم ، گەیشتمە بەیتی

**زەفافەتکاهی پەردەی ئاڵی چاوم**
**موبارەك حەجلە بێ بۆ بووك‌و زاوا**

ئەوەم بەبیردا هات کە نالی ئەوەشی مەبەست بووبێ بڵێ :

**موبارەك حەج لەبێ بۆ بووك‌و زاوا**

کەچی ئەو مەعنایەی لە دوایی کتێبەکەوە بۆ :

**حەبیبەی مالیاوا ، مالی ئاوا**

ئیشارەتم بۆ کردووە کە شاعیری ناسك کاك حەمەعەلی مەدهۆش پێی‌وتم ـ وەك لەوێدا باسم‌کردووە ـ هەرگیز نە بە خەیالی من‌و نە بە خەیاڵی کەسیشدا نەهاتووە لەوانەی دیوانی نالی‌یان نووسیوەتەوە ، ئەگینا یەکێکیان ئەینووسی « حەبیبەی مالی ئاوا .. » ، لەگەڵ ئەوەشا کە هەرکەسێ ئەم بەیتەی خوێندبێتەوە ئەبێ لە دڵی خۆیا وتبێتی : ئاخۆ ئەم (مالیاوا) یەی مالی (حەبیبەی) یاری نالی لەوێ بووە ، لەکوێ بێ‌و بکەوێتە چ ناوچەیەك ؟

هەروا لە خوێندنەوەی بەیتی

**دەس‌بەندیانە دێن‌و دەچن سەروو نارەوەن**
**یا حەلقەیانە صوفیی ملخوارو مەندەبوور**

دا بەدەم خوێندنەوەی وتارەکەی مامۆستا مسعودەوە ، مەعنایەکی‌ترم بۆ (نارەوەن) بە خەیاڵدا هات ، نازانم تائێستا بە خەیالی کەسا هاتووە یا نە ؟ بەلام بێ‌گومان مەعنا پێشووەکەی لای خۆمان جوانتر ئەکا ، وەك چۆن مەعنا تازەکەی مامۆستا مسعودیش جوانتر ئەکا ئەگەر بتوانین (دەس‌بەندیانە) بە (دەس‌بەندی یانە) بخوێنینەوە وەك ئەو پێشنیهادی کردووە[12] . ئەو مەعنای‌ترەش کە وتم بەوە ئەبێ (سەروو) بە (سەروی) بخوێنینەوە کە بەهۆی نەبوونی نە (واوی عەتف) و نە (یێی ئیزافە) لە دەسنووسە کۆنەکانا کە بە شێوەی فارسی‌ئامێز نووسراونەتەوە ـ ڕێی‌تێ‌ئەچێ‌و نارەوا نابێ‌و ، (نارەوەن) یش بە (نارەوەند = نارەوەند) بخوێنینەوە ، واتە : دار سەروەکان کە لەجێی خۆیانا چەقیون‌و نارۆن‌و نابزوێن ، بە ڕیز وەك هەڵپەڕکێ‌کەر کە دەسیان بە دەسی یەکەوە ئەگرن‌و توند ئەکەن ، یا وەك دەس‌بەسراو ، دێن‌و ئەچن .

بگەڕێینەوە دواوە بۆسەر ئەوەی کە وتمان زۆرجار وائەبێ مرۆ ڕێی لە مەعنایەك ناکەوێ کە ئەبوو بیزانیایەو بەئاسانی ڕێی لێ بکەوتایە .

من خۆم هەر لە منالی‌یەوە کە گوڵستانی سەعدیم خوێندووە ، ئەو چوارینەیەم ئاگا لێ‌یە کە ئەلێ :

**ابر اگر آب زندگی بارد**
**هرگز از شاخ بید بر نخوری**
**با فرومایه روزگار مبر**
**کز نی بوریا شکر نخوری**

کەچی ، وەك مامۆستا مسعودیش لە وتارەکەیا ئیشارەتی بۆ کردووە ، تا لە چاپکردنی ئەسلی دیوانەکە نەبووینەوەو مامۆستا مسعود لە دانیشتنێکا باسی مەعنای (بووریا) و یاری بە وشەکردنی نێوان (بووریا) و (بۆڕیا) ی نەکرد ، من نەکەوتەوە یادم کە بووریا ئەو قامیشەیە چیغی لێ دروست ئەکەن . ئەگەر خۆم پێش‌وەخت ئەوەم بکەوتایەتەوە یاد ، یا مامۆستا مسعود ئەو باسەی پێش سەرەی چاپ هاتنی بەیتەکەی نالی بکردایە ، یا کەسێکی‌تر زوو پێی‌بوتمایە ، لە ئەسلی دیوانەکەدا کەڵکم لێ وەرئەگرت‌و بەوە مەعنایەکی جوانی‌تریشم لە جێی خۆیا ئەخستە بەردەستی خوێندەواران ، وەك لە (ڕیا) ی دواوشەی نیوەی دووهەمی بەیتەکەدا کراوە[13] .

* * *

لە داوێنی ئەم چەند لاپەڕەوە ، ئەمەوێ لایەکی بەپەلەیش لە باسەکەی «شاعیرەکانمان» و هەڵسەنگاندنەکەی بکەمەوەو ، پڕبەدڵ پیرۆزبایی ئەو داکۆکی‌یە بەجێ‌و ڕاست‌و دروستەی مامۆستا مسعود بکەم کە لە شیعری نالی‌و تێکرای شیعری ڕەسەن‌و سەربەرزی کوردیی

کردووه ، بەرانبەر بە ڕەخنەکانی ئەمین فەیزی بەگو شالاوە هەق و نانەتەوەیی‌یەکەی خاوەنی وتاری «شاعیرەکانمان»و بە ڕەنگی دلێری کوڕی ڕەخنەسازیی کوردی» دانانی ئەو شالاوە .

مەحوی‌و سالم‌و کوردی‌و نالی‌و ناری‌و زێوەرو حەمدی‌و موختار ، کە بۆنموونە خاوەنی ئەو وتارە هەڕەشەی یەکالاکردنەوەی لێ کردوون ، هیچیان ئەوەندەی بارو دۆخی ژیانیان هوشیاریی پێ بەخشیون ، «فێڵی لە جەماوەری نەتەوەکەی نەکردووە و «ڕاستیی لێ نەشاردووەتەوە» ، «حەقیقەتی مێژوویی‌و شارستانەتی‌و ڕۆشنبیریی لێ ون نەکردووە» ، بەڵکو هەرکامیان بگری ، بە سەنگو ترازووی سەردەمی خۆی‌و کوردستانی ئەو سەردەمەی ، هەوڵی ئەوەی داوە «جەماوەر خۆی بناسێ»و «ڕێگای بەرژەوەندی خۆی بگرێتەبەر» و «هەمووشتێك بە ناوی خۆیەوە ناوبەرێ» .

بەلام با بڵێین بنووسی نادیاری «شاعیرەکانمان» لەو سەردەمەدا کە کلۆڵیی گەلەکەی بە چاو ئەبینێ‌و هۆیەکەی نازانێ ، لە شاعیری داماو بەولاوە کەسی لە بەردەستا نابێ داری کینەی خۆی بەسەریا بشکێنێتەوە ، بەلام ئەی ڕۆشنبیری ئەم دواسالانەی سەدەی بیستەم ، بە چ عوزرو بیانوویەکەوە دێت ئەیەوێ ئەو چەردە کەلەپوورەشمان کە بە هەزار دەردو مەینەت‌و کوێرەوەری لە چنگ زەبرو زەنگی گەردوون ڕزگاری بووە ، بە هیچ‌و پووچ دەرکاو ، شاعیرەکانمان بەو تۆمەتانە گوناهبار ئەکا کە تۆزێ پێشتر لە زمانی خۆیەوە گێڕامانەوە ؟ . بۆ ئەو داوایە لە خۆی ناکاو ، بۆ لەجیاتیی ئەوەی سووژنێ بە چاوی خەڵکا بکا ، دەرزی‌یەك بە لووتی خۆیا ناکا ؟ بۆ ؟ !

**پەراوێز :**

(1) یادگاری لاوان ، بەغدا ، 1933 ، ل 33 — 45 ، چانچانەی کەرخ .

(2) گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، وتاری «ڕەخنەسازێك‌و بیردۆزی هونراوە» ، بەرگی دەهەم 1983 ، ل 3 — 41 .

(3) بڕوانەرە : مەلا عبدالکریمی مدرس ، یادی مەردان ، بەرگی دووهەم ، ل 315 .

(4) لام‌وایە جێی خۆی بێ لێرەدا سوپاسی مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بکەم کە هەڵەیەکی بۆ ڕاستکردینەوە لە بەرگی یەکەمی یادی مەرداندا ڕووی‌داوەو لە لاپەڕە 668ی بەرگی دووهەمیدا دەسنیشانمان کردووە .

(5) بڕوانەرە : مەلا عبدالکریمی مدرس ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 175 .

(6) سەرچاوەی پێشوو ، ل 506 — 508 .

(7) محمدی مەلاکریم : حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد ، بەغدا ، چاپخانەی نەجاح (1960) .

(8) ئەمین فەیضی بەك ، ئەنجومەنی ئەدیبان ، تۆژینەوەی لیژنەی ویژەو کەلەپوور ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغدا ، 1983 .

(9) گەلالەی وتارێکی درێژم ئامادە کردووە بە ناوونیشانی «ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی بەگ لە ئەنجومەنی ئەدیبانی دەستەی کوردی سەر بە کۆڕی زانیاری عێراقدا» هەموو ئەو هەڵە جۆربەجۆرانەی تیا یەکالا ئەکەمەوە کە لەو کتێبەدا کراون . ئومێدم‌وایە بتوانم بەم‌نزیکانە بلاوی بکەمەوە .

(10) لام‌وایە ئەگەر لەناو ڕۆشنبیران‌و بنووسانی کورددا کەسانێك هەبن بکەونە پەیجۆری شێوە نووسین‌و دارشتنی بنووسانی ئەم سەردەمەی کورد ، ئەتوانن جێ‌پەنجەی من بە نووسینی گەلێ لەوانەوە ببیننەوە کە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاریی عێراق‌و کۆڕی زانیاریی کوردی جاران ، بەرهەمی بۆ لەچاپ‌داون .

(11) خۆزگە مامۆستا مسعود محمد شانی ئەدایە بەر لێکدانەوەیەکی نوێی سەرجەمی شیعرەکانی نالی ، بەمەرجێ لێکدانەوەکەی تەنها تەرخان بێ بۆ شیعری نالی .

(12) دوودڵیم لە گونجانی بۆچوونەکەی مامۆستا مسعود لەوەوەیە ئەگەر لەجیاتیی (دەس‌بەندیانە) ، (دەس‌بەندی‌یانە) بخوێنینەوە بەمەعنای وەك دەس‌بەسراو ، ئەبوو بووترایە (دەس‌بەندانە) چونکە لەوحاڵەدا ئەو (ی)ی دوای (بەند)ە پێویست نابێ .

(13) لە ئاخری کتێبەکەوە ، لە لاپەڕە 739دا ئەم واتایەش لێکدراوەتەوە .